المدى
للإعلام والثقافة والفنون
Media Culture & Arts

بە چاودێری وپاڵپشتی ڕێزدار سەرۆك مە سعوود بارزانی

پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب

معرض أربيل الدولي للكتاب 17

19-9 ی نیسانی 2025
هەولێر - پارک سامی عەبدولڕەحمان

جیهان بەکوردی دەدوێت

پاشکۆیەکی ڕۆژانەیە دەزگای ڕاگەیاندن وڕۆشنبیری وهونەری المدی دەری دەکات | ژمارە (9) ساڵی بیست ودووەمین- پێنجشەممە (17)نیسان 2025 | http://www.almadapaper.net Email: info@almadapaper.net

## لە پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر:

# خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی نوێ بۆ ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی

■ **هەولێر / عەلی زەیتۆ**




لە چوارچێوەی حەڤدەهەمین پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کتێب، سیمینارێکی فیکری لە ژێر ناونیشانی «ئــەدەب و ڕەخـنـەی ڕۆشنبیری» بـەڕێـوەچـوو، کە کۆمەڵێک ئەکادیمی و ڕۆشنبیر و ئەوانەی ئارەزووی بوارە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان ئامادەی بوون. کە لە لایەن ئەکادیمیست دکتۆر نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد و توێژەر سمکۆ محەمەد، پێشکەش کرا و باسیان لـە چەمکی ڕەخـنـەی ڕۆشـەنـبـیـری کرد وەک ئامرازێکی نـوێ بۆ شیکردنەوەی ئەدەب لە دەرەوەی قالبی کلاسیکی، داوای خوێندنەوەی دەقی داهێنەرانەیان کرد لە ژێر ڕۆشنایی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و دەسەڵات و شوناس.

لە دەسپێکدا دکتۆر نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد باسی چەمکی ڕەخنەی ڕۆشـەنبیری کرد و ئاماژەی بـەوەدا کە لە میتۆدە ڕەخنەییە تەقلیدییەکان تێدەپەڕێت کە سنووردارە بە لێکۆڵینەوەی فۆرم یان پێکهاتەی زمانەوانی، بۆ قـووڵـبـوونـەوە لـە شـیـکـردنـەوەی ئەو گوتارانەی کە لە ناو دەقە ئەدەبییەکاندا جێگیرن.

هـەروەهـا گوتی: «ڕەخـنـەی ڕۆشـەنبیری پەیوەندی بە ئاشکراکردنی ئـەو زەمینە ڕۆشـەنـبـیریانـەیە کە دەقـەکـان بـەرهـەم دەهـێـنـن، وەک دەســـەڵات و شـونـاس و چینایەتی. وەک گوتارێک لە ئەدەب نزیک دەبێتەوە کە لەگەڵ واقیعدا کارلێک دەکات بـەڵام لێی جیا نییە و ئەمەش پێویستی بە ئـامـرازی شیکاری نـوێ هەیە کە ئەم ئاڵۆزییە لەخۆ بگرێت».

هـەروەهـا نـاوبـراو ئـامـاژەی بـە گرنگی خـسـتـنـەڕووی ئـەم جـۆرە ڕەخـنـەیـە لە مەنهەجی زانکۆکان لە کوردستاندا کرد، پێی وابوو کە وەرگرتنی ئامرازی وێرانکەر و کولتووری لە خوێندنەوەی دەقەکاندا سەلیقەی ڕەخنەیی دەوڵەمەند دەبێت و ئاسۆی تێگەیشتن و شیکاری فراوانتر دەکات.

لای خـۆیـەوە تـوێـژەر سمکۆ محەمەد تیشکی خستە سەر بەکارهێنانی کردەیی چەمکی ڕەخنەی ڕۆشینبیری بۆ ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی، ڕەخنەی لە هەندێک خوێندنەوەی نەریتی گرت کە «دەقەکە تەنها بە مانای ڕووکـەش یان جوانکارییەکەی دەبەستن».

وتـیـشـی، «کـاتـێـک ئـەدەبـی کــوردی لە ڕوانـگـەیـەکـی ڕەخـنـەیـی ڕۆشـیـنـبـیـری دەخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو ئەدەبیاتە هەڵگری چین و توێژی گوتارەکانی پەیوەست بە ستەم و شوناس و خەبات و مێژووی نەگوتراوەوەیە، ئەمەش پێویستی بە تێپەڕین لە هەڵسەنگاندنێکی جوانیناسیی سادە بۆ دەقەکە و کرانەوەی بوارەکانی تـری مـەعـریـفـە، وەک ئـەنـتـرۆپـۆلـۆژی و کۆمەڵناسی».

هەروەها دەڵێت: دەقی ئەدەبی بەرهەمێکی دابڕاو نییە، بەڵکو لە ئایدۆلۆژیا تێر بووە و ئەرکی ئێمە وەک خوێنەر و ڕەخنەگر، ئاشکراکردنی ئەو سیگناڵ و کۆنتێکستانەیە.

لە سیمینارەکە ئامادەبوان پرسیارەکانیان خستەروو سەبارەت بە سنووری ڕەخنەی ڕۆشەنبیری و کارپێکردنی بۆ میراتی ئەدەبی کۆنی کـوردی و ڕۆڵـی لە نوێکردنەوەی گوتاری ڕەخنەیی لە ناو زانکۆ و دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان. ئامادەبووان بە کۆی دەنگ کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە سیمینارەکە ئـاسـۆیـەکـی نـوێـی لـە نـزیـکـبـوونـەوە لە ئەدەبیاتدا کردەوە و ڕێبازێکی دەوڵەمەندی خستەڕوو کە شایەنی لێکۆڵینەوەیە.

سـیـمـیـنـاری «ئـــەدەب و ڕەخـنـەی ڕۆشەنبیری» یەکێک بـوو لـە گرنگترین دیالۆگە فیکرییەکانی پێشانگای ئەمساڵ بوو، نەک هەر لەبەر ئەوەی پرسیاری بنەڕەتی سەبارەت بە میکانیزمەکانی خوێندنەوەی وروژاند، بەڵکو لەبەر ئەوەی تیشکی خستە سـەر پێویستی نـوێـکـردنـەوەی ئـامـرازە ڕەخنەگرانەکانمان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکان، هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگا.

## پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب

# ئایا بیرۆکەی جیاواز لە پێشانگەی کتێبدا بەدەر دەکرێن؟

لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی ئەمڕۆ لە جیهاندا ڕوودەدەن، پێشانگە کولتوورییەکان بوونەتە وێستگەیەکی گرنگ بۆ پەیوەندی نێوان گەلان و بیرۆکەکان، کەسانێک پێیان وایە ئەم پێشانگەیانە تەنیا سەکۆی نمایشکردنی کتێب نین، بەڵکو فەزای ئاڵوگۆڕی کلتوور و بیروڕاکانن، دوور لە هەر جۆرە دوورخستنەوە و پەراوێز خستنێک.

کەناڵی ئەلمەدا لە پەراوێزی ١٧هەمین پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب، چەند لێدوانێکی لە کەسانی پسپۆر و هەواداران کتێب و میوانانی پێشانگەکە سەبارەت بە «ئایا بیرۆکەی جیاواز لە پێشانگەکە بەدەردەکرێ»، وەرگرت.

لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی ئەلمەدا، ڕوقەیە کەنعان کە لە ئوردنەوە هاتووە گووتی: «پێشانگە ڕۆشنبیرییەکان بوونەتە دەرفەتێکی زێڕین بۆ تیشک خستنە سەر سەرجەم بیرۆکە و گفتوگۆکان، روقەیە پێی وایە هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی مێشکی خەڵک بە قەدەغەکردنی هەندێک کتێب یان سەرکوتکردنی بیرۆکە کارێکی درووست نییە، بەتایبەتی لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت و ئاسانی گەیشتن بە هەموو جۆرە بابەتێک لە سەرانسەری جیهاندا.

ئاماژەی بەوەشکرد، «بەریەککەوتنی بیرۆکەکان لەوانەیەی هەندێک جار ببێتە هۆی دەرکەوتنی بیرۆکەیەک لەسەر سەر بیرۆکەیەکی دیکەدا ئەمەش بەشێکە لە کارلێکی کلتووری درووست، بۆیە دەبێت ئەم پێشانگەیانە بە بەهێزی و درەوشاوەییەوە بەڕێوەبچن، لەگەڵ دابین کردنی ئامرازی ڕێکخراوەیی یارمەتی خوێنەران بدات بە گەیشتن بەو کتێبانە کە گرنگترە لایان، لەجیاتی ڕێگری کردن لەوەی کە ڕەنگە هەندێک کەس بە نەشیاو بزانن».

ئەو جەختی لەوە کردەوە کە ئەو کتێبانەی لە هەندێک وڵاتدا نمایش دەکرێن، کەوتوونەتە ژێر یاسای ڕێکخراوەیی کە دڵنیای دەدەن لە پێشکەشکردنی ناوەڕۆک لە چوارچێوەیەک کە گونجاو بێ لەگەڵ کۆمەڵگەدا، ئاماژەی بەوەشکردووە، کتێبەکانیان بە زۆری کارەکتەری کلتووری بەسەریا زاڵە و هەندێکیان باسی لایەنە سیاسی و ئاییینییەکان دەکەن بەبێ ئەوەی ئاماژە بە بابەتگەلێکی هەستیار یان مشتومڕاوی بدەن.

لای خۆیەوە، موعاویە ئەلحامەدی سوری، خاوەنی دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەیە و بەشدارە لە پێشانگەکەدا، ڕایگەیاند، «هەموو کتێبەکان کەوتوونەتە ژێر سانسۆرەوە، بەڵام هیچ حاڵەتێکی سەرکوتکردنی بیرۆکەکان یان قەدەغەکردنی کتێبێکی دیاریکراومان تۆمار نەکردووە»، ئاماژەی بەوەشکرد، ئامانجی پێشانگەکان بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و زیادکردنی ژمارەی خوێنەرە، نەک وروژاندنی مشتومڕ.

موعاویە جەختی لەوە کردەوە کە «جیاوازی بیروڕا دۆستایەتی تێک نادات»، وە گووتی: «خوێنەرانی عەرەبی ئەمڕۆ زیاتر هۆشیار و پێگەیشتووتر بوون لە هەڵبژاردنی ئەو کتێبانەی کە گرنگە لایان و بیرکردنەوەکانیان دەوڵەمەندتر دەکەن.

هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە هەمەجۆری کتێبە نمایشکراوەکان ڕەنگدانەوەی پابەندبوونی ڕێکخەرانە بۆ پێشکەش کردنی ناوەڕۆک کە کە بگونجی لەگەڵ هەموو چین و توێژەکان.

سەبارەت بە «لیان»، توێژەری ڕۆشنبیری، ئاماژەی بەوەدا کە بینینی پێشانگە کلتوورییەکان لە ئەمڕۆدا زیاتر بوونەتە پێویستییەک نەک چالاکییەکی وەرزی، لەبەر ئەوەی بەشدارن لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی هۆشیارتر و کردنەوەی ئاسۆی خوێنەران بۆ بینینی دیدگای جۆراوجۆر.

هەروەها گووتی: «گەڕان بەدوای جیاوازەکاندا بە مانای وەرگرتنی نییە، بەڵکو یارمەتیدەرمانە بۆ بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی فراوانتر لە جیهانی دەوروبەرمان».

لە لایەکی دیکەوە خالد، گەنجێکی هەواداری خوێندنەوەیە، گووتی: «بۆ من پێشانگەکە تەنها کڕینی کتێب نییە، بەڵکو پەیوەندییە لەگەڵ دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و گوێگرتن لە پانێڵەکانە کە ڕۆشنبیریم دەوڵەمەند تر دەکەن، باوەڕم بە قەدەغەکردنی کتێب نییە؛ بەڵکو باوەڕم وایە خوێنەر بابەتێک هەڵدەبژێرێ کە لەگەڵی دەگونجێ».

ڕوونیشی کردەوە، «پێشانگەکان هەوڵدەدەن سەرجەم تێڕوانین و بیرۆکەکان لە چوارچێوەیەکدا بخرێنەڕوو کە ڕێز لە تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک بگرن، هەروەها ئامانجی سەرەکیشیان فراوانکردنی بازنەی زانست و هاندانی گەنجانە بۆ خوێندنەوە و تێکەڵبوونە لەگەڵ پرسە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی شارستانی و ئاشکرا.

زۆرێک لە ڕۆشنبیران و ئەوانەی گرنگی بە کاروباری ڕۆشنبیری دەدەن کۆکن لەسەر ئەوە کە ئەنجامدانی ئەم جۆرە بۆنەیە یارمەتیدەرە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و دەرفەت بۆ تاکەکان دەڕەخسێنێت بۆ گەڕان بەدوای ئەزموونە فکرییە جۆراوجۆرەکان، ئەمەش توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و تێگەیشتنیان لە کەسانی تر بەرز دەکاتەوە، لە کاتێکدا بۆشاییە کلتووری و فکرییەکان بەرەو فراوانبوون دەچن.

لە کۆتاییدا، پێشانگە کلتوورییەکان وەک دەلاقەیەکی کراوە دەمێننەوە بۆ جیهانێکی فراوانتری لێکتێگەیشتن و لێبوردەیی، بوارێکی فراوانتر بۆ ئاڵوگۆڕی زانست و دڵنیایی بەوەی کە جیاوازی بیروڕا دۆستایەتی تێک نادات، بەڵکو بناغەی پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵگەکانن.





## زمان و هۆشیاریی بەکۆمەڵ...

# لە نێوان سەرووەری ڕۆشنبیری و کاریگەری نەرێنیدا

## دیالۆگێک لە پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کتێب

■ هەولێر/ تەبارەک عەبدولمەجید

ستەیجی سیمینارەکان لە حەڤدەمین پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێب لە هەولێر، لە گفوتگۆیەکی کراوەدا بەناونیشانی «زمان و هۆشیاری بەکۆمەڵ... لە نێوان سەروەری ڕۆشنبیری و کاریگەریی نەرێنیدا»، تەوەری «عەقڵی بەکۆمەڵ» تاوتوێ کرا. دانیشتنەکە لەلایەن بەڕێز مونزیر عەبدولحور بەڕێوەچوو، لە دیالۆگێکی دەوڵەمەنددا بە ئامادەبوونی دوو میوانی ناسراو (د. خالیدە حەلیل، نووسەری ئەدەب و چیرۆک و ڕۆمان، کە چالاکییەکی سیاسیی بەرچاوی هەیە و د. محەمەد ئیحسان، ئەکادیمی و سیاسەتمەدار و شارەزای یاسایی).

د. خالیدە حەلیل لە سەرەتادا گوتی: بابەتی زمان، بابەتێکی ئاڵۆز و بەنرخ و بەرزە، بابەتێکی ژیارییە و لە هەموو کات و شوێنێکدا وروژێنراوە، ململانێی سیاسی ئەمڕۆ زۆر گەورە و بەهێزە، بۆیە زمانی ململانێش بە پلەی یەکەم پشت بە زاراوەکان دەبەستێت».

ئاماژەی بەوەشکردووە: «زمان پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، سەرەتا تەنیا ئامرازێکی پەیوەندیکردن بووە، کە لە هێما و پیت پێکهاتووە، دواتر چەندین ئەرکی لە ئەستۆ گرتووە، کە بەشدارن لە گەیاندنی بیرۆکەی مرۆڤەکان، لە ئەنجامدا کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر هۆشیاری تاکەکەسی و تێڕوانینی بۆ خۆی و جیهانی دەوروبەری دەبێت.

حەلیل ئاماژەی بەوەشدا کە زمان تەنیا ئامرازێکی پەیوەندی نییە، بەڵکو هۆشیاری دەستەجەمعی گەلێک یان ناوچەیەکی دیاریکراو لەخۆ دەگرێت و وای لێدەکات کە پەیوەندییەکی نزیک بە عەقڵی بەکۆمەڵەوە هەبێت. ئاماژەی بەوەشکردووە، زمان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە داڕشتنی ناسنامەی ڕۆشنبیری و سیاسی، ئەمەش ئەو بەرژەوەندییە گەورەیە ڕوون دەکاتەوە، کە دەیبینین بۆ توێژینەوەی زمانەوانی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا زۆر و کاریگەر و گرنگی پێدراوە.

لە درێژەی قسەکانیشیدا گوتی: لە ڕێگەی زمانەوە کۆمەڵگەکان پەرەدەسەنن و ئەو زاراوەی کە لە بوارە جیاوازەکاندا بەکاردەهێنرێت، لەوانەش ململانێ سیاسییەکان، هەمەچەشن دەبن. ئەم زاراوانە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە لێکدانەوەی میدیا و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ململانێکانی نێوان لایەنە جیاوازەکان. ئەو ئاماژەی بەوەشکرد کە ئێستا وەک «جەنگی زمان» ئەزموونێکی تازەمان هەیە، نموونەشی بەوە هێنایەوە، کە چۆن وشەکان لەلایەن لایەنە جیاوازەکانەوە بە شێوەیەکی جیاواز لێکدەدرێنەوە و خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ دەکرێت.

لای خۆیەوە د. محەمەد ئیحسان گوتی: ئەو زاراوانەی ئێمە بەکاریان دەهێنین تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە تێڕوانینی سیاسیمانەوە. هۆشیاری بەکۆمەڵ بەرهەمی ژینگەی دەوروبەرمانە. ئەم هۆشیارییە بە بەها جێگیر و گۆڕاوەکان لە قاڵب دەدرێت و زمان یەکێکە لە ئامرازە سەرەتاییەکانی پەیوەندیکردن.

ئیحسان ئاماژەی بەوەشدا کە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو هەن کە هۆشیاری بەکۆمەڵ ڕۆڵی سەرەکی یتیادا دەگێڕێت لە ڕێنماییکردنی تاکەکان بەرەو بڕیاردان یان وەرگرتنی هەندێک هەڵوێست بەبێ دەستوەردانی ڕاستەوخۆی دەسەڵات یان لایەنە سیاسییەکان.

هەروەها ئاماژەی بە هەندێک زاراوەی کرد کە لە عێراق و جیهانی عەرەبی بەکارهێنراون، بەڵام لە ئێستادا لە جیهاندا نەماون، وەک «داگیرکاری کلتووری» و «ململانێی نەتەوەیی». گوتیشی: «تێڕوانینەکان دەگۆڕدرێن، دەبێت ئامادەبین بۆ ئەوەی کە دێت. ئەمە کێشەی ئێمەیە؛ ئێمە هەمیشە ئامادە نین، ئێمەش وەک کورد زۆر خاوین لە وەرگرتنی گۆڕانکارییەکان».

د. محەممەد ئیحسان گوتی: ئەگەر کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، زمانی کوردی پەرتوبڵاو دەبێتەوە و ٩٩٪ـی دانیشتوانەکەی بە ئینگلیزی قسە دەکەن». ناوبراو ئەمەی ڕوونکردەوە کە دەڵێت: «هزری نەتەوەیی کاردانەوەیەکی هەمیشەییە، کاتێک ڕژێم هێز و بەعەرەبکردن بەکاردەهێنێت، وابەستەیی گەلان بە زمان و ناسنامەکەیانەوە زیاتر دەبێت. د. محەممەد ئیحسان ئاماژەی بەوەشکرد: ئێمە لەبەردەم جیهانێکی گۆڕاوداین، ئەو بەهایانەی کە لە عەقڵی بەکۆمەڵدا دەگۆڕدرێن زۆر گەورەن و کەس ناتوانێت کۆنترۆڵیان بکات.

لە درێژەی قسەکانیشیدا گوتی: دەبێت چاوەڕوانی خراپترین سیناریۆ بکەین، بەڵام دەبێت کاربکەین بۆ بەدەستهێنانی باشترین لە داهاتوودا.



# خوێندنەوە و پێشانگەی کتێب



■ نووسینی/ ئازاد عەبدولواحید

مەولانا دەڵێ:
بولبول دەتباتە لای گوڵ
قەلەڕەش دەتباتە لای زبڵدان
بزانە هاوڕێیەتی کێ دەکەی

* پێویست ناکا بە درێژی باسی گرنگیی کردنەوەی پێشانگەی کتێبان بکەم، من بە کردنەوەی ئەو پێشانگایانە شاگەشکە دەبم و زۆر بەلامەوە گرنگە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کردنەوەی ئەو پێشانگایانە خەریکە دەبنە نەریتێکی ساڵانە و لە شارەکانی کوردستاندا دەبنە باو و خەڵکی بە تاسووقەوە چاوەڕێیان دەکا. زۆربوون و بایەخدان بەو چالاکییە شارستانییە، بینینی ئەو ئاپۆرا و حەشیمەتە، بەو ژمارە زۆرەی سەرجەم ڕەگەز و چین و توێژ و تەمەنە جیا جیایانە، هاتنی هەوادارانی کتێب و خوێندنەوە و یەکتر بینین و ناسین و بە یەکدی شادبوونەوەی نووسەر و ئەدیب و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندان لەو کەرنەڤالی پێشانگایانەی کتێباندا تا بڵێی دڵخۆشکەرەیە. بوونی ئەو هەموو داوودەزگایانەی چاپ و بڵاوکردنەوە، بە هەموو زمانەکانی دەوروبەر و دنیا، هێنانی چاپەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی زۆر لە کتێبەکان، بانگهێشتی زۆر لە نووسەر و شاعیر و بیرمەندان بۆ پێشکەشکردنی کۆڕ و سیمینار، بە درێژایی ئەو چەند ڕۆژە، کردنەوەی دەرگای دیالۆگ و گفتوگۆ، هەموو ئەمانە مایەی ئاسوودەیی و خۆشحاڵین. زۆر جار ڕێکەوتووە بەدوای کتێبێک، سەرچاوەیەکی دڵخوازی خۆتدا گەڕاوی و وەگیرت نەکەوتووە، کە لە شوێنێکی وادا لە پڕ بەرچاوت دەکەوێ خەنی دەبی و لە خۆشییان دەکەویتە باڵەفڕە و دەشنێیتەوە.

* بێجگە لەوەی کتێب لەڕێی وەرگێڕانی باشەوە هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ نزیکبوونەوەی گەلانی دنیا لە یەکدی، ئەمڕۆکەش بەهۆی تەکنۆلۆژیاوە زۆر لە جاران زیاتر کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن و سوود لە دەستاوێژە زانستی و فیکری و مەعریفییەکانی یەکتر وەردەگیرێ. هەر لەو پێشانگایانەدا زۆر لە دۆستانت دەبینی و لەگەڵیان دەکەویتە وتووێژ، سەبارەت بە هەبوونی کتێبی گرنگ و دەگمەن و دانسقە، یەکتری لێ ئاگادار دەکرێتەوە، یان لەگەڵ یەکتر لە بارەی زۆر باس و بابەتی گرنگ و زیندوو دەدوێن و گفتوگۆی گەرموگوڕ دەکەن، دەمێکە گوتراوە: (ئەوەی بەبێ ڕابەر و چاوساغ بە ڕێگایەکدا بڕوات و سەد ساڵ بخایەنێ، لە گەشتێکدا لەگەڵ ڕێبەرێک لە دوو ڕۆژ زیاتر ناخایەنێ)، بۆیە بوونی ئەو ڕێبەر و چاوساغانە لەو شوێنەدا زۆر کەڵکی هەیە و ڕێگەی دوورودرێژ بۆ ئەوانەی سەرەتای خوێندنەوەیانە کورت دەکاتەوە، ئەمەش بەهۆی سوود وەرگرتن لە کەسانی خاوەن ئەزموون و شارەزایی لە خوێندنەوە و بۆ کاتی هەڵبژاردنی کتێب زۆر پێویست و باشە، چونکە هەڵبژاردنی جۆری کتێب بۆ خۆی زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی تەمەنی مرۆڤ دیاری کراوە، فریای خوێندنەوەی هەموو کتێبە دڵخواز و باشەکان ناکەوێ، بۆیە لە هەڵبژاردنی کتێبدا هەموو کەسێک پێویستی بە هەڵبژاردن – ئینتیقائیەت هەیە.

* تاکی ئەو سەردەمەمان دەبێ سەرومڕ ئیرادە و هەموو کاتی خۆی لە ڕاگەیاندنی جەماوەری و سۆشیالمیدیا بە فیڕۆ نەدا و تەنیا پشت بەوانە نەبەستێ، تاکوو بتوانێ لە تەنگژەی فەرهەنگیی ڕاستەقینە ڕزگاری بێ، بۆیە خوێنەری ئەو سەردەمە ئەگەر زۆر عاشق و تینووی ڕۆشنبیری و خوێندنەوەی کتێب نەبێ، ئەوە ناتوانێ دەستی بەو سەرچاوە جۆراوجۆرانەی ڕۆشنبیری بگات کە دەیخەنە سەر ڕێگەی ڕۆشنبیرییە ڕاستەقینەکە، ئەوانەی بەدوای سەرچاوەکانی ڕۆشنبیریی ڕاستەقینەدا دەگەڕێن، زۆرتر هۆگری کتێب خوێندنەوەن، ئەمڕۆکە ئەوانە ژمارەیان زۆر نییە.

* تەنیا کتێبە هۆشیارییەکی هاوچەرخانە لەلای مرۆڤی ئەم سەردەمە دروست دەکا، بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی میللەتی خۆمان جارێ زۆر زووە دەستبەرداری وشە و کتێب خوێندنەوە بین و بکەوینە ژێر کاریگەریی وێنەوە (هەرچەندە ئەو سەردەمەمان بە شارستانیەتی وێنە ناوی ڕۆیشتووە و وێنە بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە). ئەوانەی کتێب خوێندنەوە لەلایان خوویەک نییە، پێشانگە بۆ ئەوانە هیچ کەڵکی نییە، چونکە وەک کتێب کڕ نین، ئەگەر کتێبیش بکڕن نایخوێننەوە، تا ئێوارە باسی ئەفسوون و سوودەکانی کتێب و کردنەوەی پێشانگەیان بۆ بکەی بە هیچ ناچێ، چونکە ئەوانەی کتێب خوێندنەوە لەلایان نەبووەتە خوو و نەریتێک، پێشانگەی کتێبی بۆ بکەیتەوە و نەکەیتەوە هیچ دەروەست نییە، ئەو جۆرە کەسانە سوور بزانن کتێب ژیان و تێڕوانین و کەسایەتی و چێژ و میزاجیشیان دەگۆڕێ، ئەو هەر تەقەی سەری دێ.

* ئەمڕۆکە گرفتە گەورەکە لەوەدایە توێژی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندان خۆیان ناخوێننەوە، بۆیە بە لێشاو بەرهەمی سادە و ساکار و ڕووکەش بەرهەم دەهێنن، چونکە خوێندنەوەیان لە ئاستی پێویستدا نییە، تەنانەت ئەوانەی خۆیان بە داهێن و نوێخوازیش دەزانن، خوێندنەوەیان لە ئاستی پێداویستییەکانی ژیانی سەردەمدا نییە، بگرە فریای خوێندنەوەی نووسین و داهێنانی هاوڕێ داهێن و نووسەرەکانی خۆشیان ناکەون، کەواتە ناتوانن و فریا ناکەون ئەدەبیاتی گەلانی دەوروبەر و دنیاش بخوێننەوە، ئەگەر حاڵەکە وا بێ، چۆن ئەو هەلومەرجەیان بۆ دەڕەخسێ ناو لە خۆیان بنێن (ڕۆشنبیر)، یان نوێخواز، یان نووسەرێکی هاوچەرخ، یان خوێندەوارێکی سەردەم، باشە (نیمچە ڕۆشنبیرێک) کە ناخوێنێتەوە، چۆن دەتوانێ بەرهەمی کەسانی دی بخوێنێتەوە و بڕیاری ڕەخنەیی لە بارەی بەرهەمەکانیانەوە بدات؟

* ئەوانەی خوێنەریشن، ئەوانەش دیسانەوە دەبێ بایی ئەوەندە خوێندەوار بن تا قەبارەی ڕاستەقینەی خۆ بەشتزان و بە داهێن و نوێخواز زانەکان بزانن و نەهێڵن هیچیان بەسەردا تێپەڕێ، ڕاستییەکەی بوونی ئەو جۆرە خوێنەرە هۆشیار و وتووریایانە ژمارەیان ئێجگار کەمە، بە تایبەتی لە ئامادەنەبوونی ڕەخنەیەکی چالاک، تا داهێنی ساختە، لە داهێنی ڕاستەقینە جودا بکاتەوە و بانگەشە فشۆڵەکانیان بە ئاسانی لێ وەرنەگرێ. باشە نووسەر و ئەدیب و ڕۆژنامەنووس و ... و... چۆن دەتوانن خۆیان نوێ بکەنەوە و پێشوازی لە کاروبەرهەمی نوێخوازانە بکەن؟ نوێخوازیی ڕاستەقینە، لە نوێخوازی درۆیینە لە یەکتر هەڵاوێرن؟ ئەگەر خوێندنەوەیەکی جیددی و بەردەوام نەبێ، یان بە نیمچە خوێندەوارییەک چۆن دەتوانرێ بڕیار لەسەر کار و بەرهەمی کەسێکی خوێندەوار بدرێ؟ چۆن بۆرە خوێندەوارێک، کۆلکە خوێندەوارێک دەتوانێ قسە لەسەر بەرهەمی کەسانێک بکات کە کەمترین شتێک لە بارەیانەوە بوترێ، دەبێ بڵێین ئەوان لەوانە خوێندەوارترن؟ چۆن دەکرێ خوێندەوارێکی ئاسایی بەخۆی ڕاپەڕموێ داکۆکی لە چێژی گشتی میللەتێک بکا، کە خۆی لە بنەڕەتەوە بێ زەمینە و بێ زەوق و بێبنەما و سەلیقە و ڕۆشنبیریی بێ؟

* ئەمڕۆکە پرۆسەی خوێندنەوە و فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوە و هۆشیاری لەلای تاکی کورد زیاتر پەیوەستە بە دەستەبژێرێکەوە کە خۆیان بۆ خوێندنەوە و نووسین تەرخان کردووە، زۆر کەم ڕێ کەوتووە خوێندەواری کورد کە هۆگر و متووی خوێندنەوەیە، تەنیا خۆی بۆ خوێندنەوە تەرخان کردبێ، بۆیە ئەوانەی دەخوێننەوە، لە هەمان کاتیشدا نووسەرن، واتە تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە بە تەنیا بۆ خودی خۆیان، خۆیان ڕۆشنبیر ناکەن و ناخوێننەوە، هەموو ئەوانەی ئەمڕۆکە دەخوێننەوە، یەکسەر دەستیان داوەتە قەڵەم و دەنووسن و بەرهەم و نووسینیشیان هەیە. بە داخەوە لەو ساڵانەی دواییشدا بارودۆخی «خوێندنەوە» تەواو ئاڵۆز بووە و کارەساتاوی دەبینرێ، چونکە دەبینین زۆربەی هەر زۆری نووسەران و ڕۆژنامەنووسان نەک هەر ناخوێننەوە، بگرە فریای خوێندنەوەی بەرهەمی یەکتریش ناکەن، ئەوانەشیان کە دەنووسن و کەناڵەکانی چاپ و پەخش و بڵاوکردنەوەیان سەرقاڵ کردووە و ناخوێننەوە، ئەمە بۆ خۆی دیاردەیەکی سەیر و سەمەرەی دروست کردووە، ئیتر نازانین ئەو جۆرە نووسەر و ڕۆژنامەنووسانە (بەبێ خوێندنەوە) و دوور لە کتێب، چ جۆرە مەعریفە و ڕۆشنبیرییەک بەرهەم دەهێنن و چ جۆرە زانیارییەک دەکەنە خۆراکی خوێنەرەکانیان؟ بە تایبەتیش خوێنەرانی ئەو سەردەمە کە هەروا زوو و بە ئاسانی بە هەموو نووسینێک قایل نابن و بە هەر بیروڕایەکی سادە و ساکار قەناعەت ناهێنن و بە هەموو دوعایەک ناڵێن ئامین.

* لێرەوە دەڵێین پێویستە پرۆسەی (خوێندنەوە) و کولتووری خوێندنەوە هەموو کۆمەڵگە بگرێتەوە و تەنیا لە بازنەی دەستەبژێکدا بەگیر نەیەت، ئەم پرۆژەیەش دەبێ بە چەند قۆناغێک و لە مەودایەکی زەمەنیی درێژخایەندا جێبەجێ بکرێ، تا «خوێندنەوە» ببێتە پێویستییەک لە پێویستییەکانی ژیان، نەک وەک ڕووکار و کەمالیات و ئارەزوویەک تەماشا بکرێ و دیکۆری ژووری ماڵەکانی پێ بڕازێنرێتەوە. ئەو کاتە «جەماوەر»ەکەمان دەبێتە (خوێنەر) و خوێندنەوەش دەبێتە پرۆسەیەکی سەرتاپاگیری میللی، ئەوسا دەتوانین بڵێین پێمان ناوەتە ناو قۆناغی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی شارستانی و هۆشیار، کە باشتر ڕاست و چەپی خۆی دەبینێ و بەرچاوی ڕوونە و تاکەکانی بە ئەرکەکانی سەرشانی خۆی ڕادەگا. ڕۆماننووسێکی گەورەی وەک (ئەریش ماری ڕیمارک) سەبارەت بە «جەماوەر»ی ڕۆژئاوا لە ڕۆمانە بەناوبانگەکەیدا (شەوەکەی لشبۆنە) لەسەر زاری یەکێک لە پاڵەوانەکانی دەنووسێ: (دەبینی چۆن جەماوەرەکەمان دوای وشەی پانوپۆڕ و بریقەدار دەکەون، گوێ بەوە نادەن دەنگ و هاواری ئەو وشانە لە چەپەکانەوە دەبیستن، یان لە ڕاستڕەوەکانەوە، لەلای ئەو «جەماوەرە»، گرنگ ئەوەیە هەست بکەن لەولا کەسانێک هەن لە جیاتی ئەوان قورسایی بیرکردنەوەی قووڵ و بەرپرسیارێتییان لە کۆڵ دەکەنەوە ل٥٢). ئەوە بینینی (ڕیمارک)ە بۆ «جەماوەر»ی وڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوا، دەبێ ئێمە کە بە هیچ شێوەیەک کارمان لەسەر پەروەردەکردنی جەماوەری خۆمان نەکردووە چی بڵێین؟

* لە کاتی «خوێندنەوە»دا پێویستە جیاوازی لەنێوان «خوێنەر» و «جەماوەر»دا بکرێ، ئاستی هۆشیاریی جەماوەر و ڕادەی پێشوازیکردنیان لە پرۆسەی خوێندنەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی چێژ و قووڵکردنەوەی تێڕوانینەکانیان، بۆ باشتر چێژوەرگرتن و تێگەیشتنیان لە ژیان و دیاردەکانی، چونکە کاری داهێنەرانەی ئەدەبی و هونەری بۆ خۆی بایەخدانە بە جوانی و نهێنییە شاراوەکانی ژیان. کاری نووسین ژەهراویکردنی کەشوهەوای ژیان و ناشیرین و گەنیوکردنی ژیان نییە، بۆیەشە داهێن هەمیشە بە «جەنگاوەر»ێک دەچوێنرێ کە یەکەمین کار و داواکاری، جەنگانە لە ژیاندا بە مەبەستی ئەوەی لەسەر ئاستی دامەزراوە و داوودەزگاکاندا دژی ناشیرینی و دزێوی و گەنیوبوون بجەنگێ و بەردەوام جیهان جوانتر و جوانتر و نوێ بکاتەوە.

* بە داخەوە ئەمڕۆکە پرۆسەی خوێندنەوەی کتێب بۆ خۆی بووەتە پرۆسەیەکی تایبەت بە «دەستەبژێرێک» و سەرجەمی کۆمەڵگەی کوردی نەگرتووەتەوە، کە بوونی ئەو جۆرە خوێنەرەی کتێبیش، بە تایبەتی کتێبی پڕ زانیاری و داهێنەرانەی چاک و قووڵ، بۆ خوێنەرێکی زیرەک و خەمخۆری کتێب، دەبێ وەک ئەو تەورداسە وا بێ کە بەهۆیەوە ئەو شەختە و بەستەڵەکەی ناخی خوێنەر بشکێنێ. پێم وایە نووسەری کاریگەر و خاوەن شێوازی تایبەت و سەرنجڕاکێش، یان نووسەری خاوەن خوێنەر هەر ئەوەی کردووە و هەر ئەوە دەکات، بۆیە من چەند باوەڕم بە نووسەری تایبەتمەند و جیاواز هەیە، ئەوەندەش باوەڕم بە خوێنەری خوڵقێنەر هەیە، ئەوانە هەردووکیان تەواوکەری یەکترن، چونکە وەک ئەدۆنیس دەڵێ: (خوێنەر بە خۆشی خوڵقێنەرێکی دیکەیە)، بە واتای ئەوەی خوێنەر بە قەدەر خوڵقێنەرەکە دەور و کاریگەریی خۆی لە خوێندنەوەی تایبەت بە خۆی بۆ تێکستەکان و دیاردەکان و دۆزینەوە و پەی بردن بە نهێنی و کۆد و جوانییەکانی دەق و داهێنان هەیە. زانایانی کۆمەڵناسی پێیان وایە سێ دیاردە کۆمەڵگەی دوواکەوتووی پێ دەناسرێتەوە.

(١) گەمژەیی و گەلحۆیی (حەماقەت).

(٢) زۆربڵێیی (چەندبازی).

(٣) بەکاربردن و بەرخۆری (ئیستیهلاک).

لەناو کۆمەڵگەیەکی دوواکەوتووی لەو جۆرە، دەبێ چ جۆرە بەرنامەیەکی تۆکمە و داڕێژراو هەبێ، چ ڕەنجێکی فەرهادانە بدرێ کۆمەڵ لەو دیاردە کوشندانە ڕزگار بکرێ، تا ببێتە کۆمەڵگەیەکی ساغڵەم، یان هیچ نەبێ کۆمەڵگەیەکی نیمچە سەغڵەم بێنینە بەرهەم.



### ڕۆشنبیری دوای دەرکەوتنی زیرەکیی دەستکرد

# بۆتە هۆی وروژاندنی پرسیارکردن لە ئایندە وگۆڕانی مەعریفی



■ هەولێر / عەلی زەیتۆ

لە چوارچێوەی حەڤدەهەمین پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کتێب سمینارێکی گرنگ وهـزری لە ژێرناونیشانی « ڕۆشنبیری دوای سەرهەڵدانی زیرەکی دەستکرد» لەلایەن ئەکادیمیست دکتۆر نەهلە محەمەد سەعید و توێژەرسەرکەوت ڕەسووڵ وبە ئامادەبوونی دەستە بژێریک لە پرۆفیسۆرو ئەوانەی کە بواری ڕۆشنبیری و تەکنیکی بۆیان گرنگە بەڕێوەچوو.

لە سمینارەکەدا باس لەو کاریگەرییە قووڵە کرا کە تەکنەلۆژیاو زیرەکی دەستکرد سەپاندوویەتی لەسەربونیادی کلتووری و شێوازەکانی بەرهەمهێنانی داهێنەرانە و ڕێگاکانی وەرگرتن و بیرکردنەوە.

دکتۆر نەهلە محەمەد سەعید باس لەوە دەکات کە نابێ زیرەکی دەستکرد وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ڕۆشنبیری سەیر بکرێت، بەڵکو وەک فاکتەرێکی گۆڕانکاری کە پێویستی بە تێگەیشتن و ڕەخنە و بەشداری کارای ڕۆشنبیران و ئەکادیمییەکان هەیە وەربگیرێت.

ئاماژەی بەوەشکرد «ڕۆشنبیری ئەمڕۆ چیتر لە نێو دەستە بژێرەکان قەتیس ناکرێت بەڵکو چووەتە قۆناغی کارلێکی خوارزمی، ئێستا ئەدەب و هونەر وفێرکردن بوونەتە ئامرازی زیرەکی دەستکرد و بەشدارن لە بەرهەمهێنان و شیکردنەوەیدا.

زیاتر دەڵێت: لەبری ترس پێویستە لەسەرمان کە لە هەوڵی چۆنییەتی ئەو تەکنیکە دابین بۆ پاڵپشتیکردنی داهێنان و لێکۆڵینەوە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەیەکدا کەهەوڵی تێپەڕاندنی ئەو کەلێنە مەعریفییە دەدات.

توێژەر سەرکەوت ڕەسووڵ باسی لە بەها و لایەنە بەهادارو مەعریفییەکانی پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیری و زیرەکی دەستکرد کرد و ئاماژەی بەوەدا کە داهێنانی ڕۆشنبیری لەژێر هەڕەشە دایە بەهۆکاری خێرایی و دووبارە بوونەوەی خواریزمەکان کە سەپاندویانە.

لە وتەکەیدا ڕوونی کردەوە: کێشەکە تەنیا لە بەرهەمهێنانی دەق یان وێنە لە ڕێگەی زیرەکی دەستکردەوە نییە، بەڵکو لە مەترسی پاشەکشەی هەستی ڕەخنەگرانە و گۆڕانی ڕۆشنبیریدایە بۆ بەرهەمێکی بەکاربەری خێراو بەتاڵ لە قووڵایدا.

لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:وەک نووسەر و لێکۆڵەردەبێت سەر لە نوێ بیر لە ڕۆڵی مرۆڤ بکەینەوە لەچوونە ناو پڕۆسەی داهێناندا وبەرپرسیارین بەرامبەر نەوەی داهاتوو کە لەژێرسایەی ئەم گۆڕانە دێنە پێشەوە.

کۆڕەکە کارلێکی زۆری ئامادەبووانی بە خۆیەوە بینی کە تیایدا چەندین پرسیار، وروژێنران دەربارەی کاریگەری زیرەکی دەستکرد لەسەر داهاتووی ڕۆژنامەگەری ،فێرکردن، بەرهەمهێنانی ئەدەبی. هەروەها زۆرێک لە ئامادەبووان گرنگیپێدانی خۆیان دەربڕی بۆدۆزینەوەی چەند میکانیزمێکی چاودێریکردن و ئەخلاقی بۆ بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە لە بواری ڕۆشنبیریدا.

ئەم کۆڕە بە ناونیشانی «ڕۆشنبیری دوای سەرهەڵدانی زیرەکی دەستکرد» لە پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کتێب بۆئەوە ڕێکخرا کە گفتوگۆیەکی زۆر پێویست بکرێت دەربارەی ئایندەی ڕۆشنبیری لە سەردەمی کۆدو تەکنیکە پێشکەوتووەکان و لەژێر سایەی ئەم گۆڕانکارییە ڕیشەییانەدا کە جیهان تیایدا دەژی، ئەوە ڕوونبووەوە کە ڕۆشنبیری کوردی و عێراقی –بە گشتی– لێیدەخوازرێت کە ئامادە و وشیاربێت لە جەنگی وشیاری نوێدا.

## کاتێك منداڵی وپیتەکان دەستی یەکتر دەگوشن

# باخچەی منداڵان لە پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر



■ هەولێر:جەنان سەرای

لە گۆشەیەکی پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب دوورلە ژاوەژاوی سەکۆیەکان و ئاهەنگی واژۆکان وگفتوگۆی دەستەبژێری رۆشنبیران لەو گۆشەیەدا چەند پێکەنینێکی هێواش،هەنگاوی بچوک،چاوی کراوە ئەو کتێبانەی کەبە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ نەخشێنرابوون قوتدەدا.دیمەنەکە تەواو جیاوازبوو مێزی ڕەنگاوڕەنگ، ڕایەخ،کتێبی وێنە ئامێز،منداڵان کە جلی یەکپۆشی قوتابخانەیان پۆشیبوو لە نێو گۆشەکاندا جێگۆڕکێیان دەکرد بە حەزکردنێک جگە لە منداڵێتی لە هیچ شتێەکی تر نەدەچوو.
لێرە ژوانەکە لەگەڵ باخچەی منداڵانی ڕۆنا وباخچەکانی دیکە بوون کە قوتابییە بچوکەکانییان لە گەشتێکی تایبەت بۆ پێشانگاکە هێنابوو.
تەنها بۆ نزیککردنەوەیان لە کتێب نا ،بەڵکو بۆ ئەوەی خوێندنەوە بکرێتە ئەزموونێکی زیندووکە دەستبخاتە ناو دەستەکانیان و لە ویژدانیاندا بچێنرێت لە کاتێکدا کە ئەوان تازە لە سەرەتای پیتەکاندان.
(طیبە)کە فێرکارێکی باخچەی منداڵانی ڕۆنایە لە نزیک منداڵەکان دانیشتبوو یارمەتی یەکێکیانی دەدا لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی کتێبێک لەسەر ئاژەڵان بەچاوانێک کە بە گڕوتینەوە دەدرەوشانەوە،لە میانەی چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ پاشکۆی (المدی) گوتی:دەمانەوێت منداڵ بە کتێبەوە ببەستینەوە بە بێئەوەی هەستبکات کەئەوە ئەرکی قوتابخانەیە،کتێب لێرەدا دەبێتە یاری ،سەرکێشی چیرۆک کە لە نێوان هاوڕێکاندا باسدەکرێت.بوونی منداڵان لە پێشانگاکەدا هەنگاوێکی بچوکە،بەڵام کاریگەرییەکی درێژخایەن بەجێدەهێڵێت.ئێمە لەمڕۆدا تۆوی حەزی خوێندنەوە دەچێنین.
لە گۆشەیەکی تایبەت بۆکتێبی منداڵان منداڵێک بە ناوی ئایلین کە کڵاوێکی زەردی لەسەر بووکتێبێکی لەسەر باڵندەکان بەدەستەوەبوو.کاتێک لەسەر سەردانیکردنی بۆ پێشانگاکە لێمان پرسی ئەو پێکەنی و زۆر بە بڕوا بە خۆبوونەوە گوتی:زۆر چێژم لێبینی کتێبی خۆشم بینی و کتێبێکم کڕی مراوییەکی بچوکی تێدابوو کە دەفڕی.
ئایلین وشەکانی زۆر سادە بوون، بەڵام واتای زۆریان لە خۆ دەگرت لە ژێر کاریگەری ئەم سەردانە.
پێشانگا ناسراوە بەوەی تەنها بۆ گەورەکانە ،بەڵام ئەمساڵ زیاتر بە ڕووی منداڵاندا کراوە بوو،لە ڕێکخستنی کارلێککارانەی چالاکییەکان تا دەگاتە تەرخانکردنی ڕووبەری خوێندنەوەو وێنەکێشانی بە کۆمەڵ.
ئامادەبوونی منداڵان تەنها وێنەیەکی ڕەمزی نەبوو،بەڵکو بەشێک بوولەو دیدگایەی کە هەوڵی دووبارە دروستکردنی پەیوەندی نەوەی نوێی دەدا لەگەڵ کاغەز لە کاتیک کە شاشە لە ئێستادا باڵادەستە تێیدا.
ئامینە فرۆشیارێکی پێشانگاکە لەخانەی ( دارکلمات ) دەربارەی ئەو کارلێکە گوتی:تێبینی دەکەین کە منداڵان سەرنجیان بەتوندی بۆ کتێبەکان ڕادەکێشرێت بەتایبەتی ئەو کتێبانەی کە هەڵگری وێنەی فێرکاری کارلێککەرن و زانیاری و وێنە بەیەکەوە دەبەستێتەوە وهانی منداڵ دەدات کە کارلێک لەگەڵ ناوەرۆکەکەی بکات،منداڵ چیتر کتێبە کلاسیکییەکان وەرناگرێت ،بەڵکو پێویستی بە کتێبێک هەیە کەبیدوێنێت وکاریگەری لەسەر حەزی زانینی هەبێت ، ئێمەش کار لەسەر پەرەپێدانی ئەو جۆرە لە کتێب دەکەین بۆ ئەوەی ببێتە بەشێک لە ئەزموونی هزری ودیدەیی.
بەشێک لە خانەکانی بڵاو کردنەوە تێبینی ئەو ئامادەییەیان کردبوو هەر بۆیەش پەرەیان بە ناوەرۆکی کتێبەکان دابوو. کە گونجابێت لەگەڵ ئەم نەوەیە وچەند ڕەگەزێکی کارلێککەری بۆ کتێب زیاد کردبوو وەک بابەتی دەنگی،مەتەڵ ،وێنەی سێ دووری.
طیبە چۆنێتی کارکردنی کتێبێکی ئەلیکترۆنی بچوکی بۆ منداڵەکان ڕاڤە دەکردوپێی دەگوتن ئەمە کتێبێکی زیرەکە ،بەڵام هەرچەندە بەرەو پێشبچێت کتێبی کاغەز جوانی خۆی هەر دەمێنێت ڕاستە؟ منداڵەکانیش سەریان دەهەژاند وەک ئاماژەیەک بۆ پشتڕاستکردنەوەی پرسیارەکەی هەرچەندە لەوانەیە بەتەواوی لەوە تێنەگەیشتبن کە مامۆستاکە مەبەستی چییە؟ ،بەڵام هەستییان بە گڕوتین دەکرد.
بابەتێکی دیکە کە جێگای سەرنج بووکارلێکی کەسوکارەکانییان بوو هەندێکیان بە تایبەتی بۆ هێنانی منداڵەکانیان هاتبوونە پێشانگا وەک بەشێک لە (گەشتی خێزانی بۆ خوێندنەوە) دایکێکی گەنجمان دواند کە دەستی منداڵەکەی گرتبوو یارمەتی دەدا لە هەڵبژاردنی یەکەم کتێب گوتی:»کوڕەکەم تەمەنی پێنچ ساڵە و ئەمڕۆ یەکەم کتێبی هەڵبژێردراوی خۆی بۆدەکڕم مەبەستم بوو کە وابەستەی خوێندنەوەی بکەم وەک حەزێک نەک بەسەریدا بسەپێنم.»
باخچەی منداڵانی ڕۆنا تەنها بە سەردانەکەوە نەوەستا ،بەڵکو بەرنامەیەکی بچوکی لەناو پێشانگاکە بۆ منداڵان ئامادەکردبوو لە وێنەکێشانی سەربەست دەربارەی ئەو چیرۆکانەی کە خوێندبوویانەوە ونمایشتکردنی چەند چالاکییەک کە لەناوەرۆکەکانی هەندێک لە کتێبەکان هاتبوون لەخۆ گرتبوو.
طیبە دەڵێت:منداڵەکان کە دەگەڕێنەوە بۆقوتابخانە دەربارەی ئەوەی کە بینیویانە بۆ هاوتەمەنەکانیان باسدەکەن کە ئەوەش دەبێتە دەسپێکی گفتوگۆیەکی سادە لە نێو منداڵاندا دەربارەی کتێب وبەمجۆرەش «نەخۆشییە جوانەکە دەستپێدەکات».ئەمەی (بەزەردەخەیەکەوە باسکرد).
کاتێک یەکێک پرسیاردەکات:منداڵ لە تەمەنی چوار یان پێنچ ساڵ چی دەچنێتەوە لە سەردانیکردنی پێشانگای کتێب؟ لێرەدا وەڵامەکە بە هێند ناپێورێت ،بەڵکو بە جۆر دەپێورێت منداڵێک کە کتێب لە دەرەوەی پۆلەکەی دەبینێت لە شوێنێکی گشتی کە ئاهەنگ بۆ کتێب ساز دەدرێت وێنەیەکی جیاواز بۆ خوێندنەوە دروستدەکات منداڵ کاتێک کتێبێک بەخواستی خۆی دەکڕێت وا هەستدەکات کەبەشێکە لە جیهانی گەورەکان و دەنگ و بۆچوونی خۆی هەیە.
ئایلینی بچووک لە کۆتایی گەشتەکەدا گەڕایەوە و لەسەر زەوی دانیشت و کتێبە نوێیەکەی ئەمدیودیو دەکرد ئەو نەیدەزانی کە ئەو کتێبە دەبێتە سەرەتایەک بۆ گەشتێکی دوورو درێژ لە دۆزینەوەولەوانەیە دوای چەند ساڵێک ئەو خۆی لێرە بوەستێت وەک سەردانیکارێکی پێگەیشتوو کە یەکەمین ڕۆژەکانی لەم پێشانگایە بیر دەکەوێتەوە کاتێک منداڵێتییەکەی دەستی وشەکانی دەگوشی بۆ یەکەمجار.
بەمجۆرە دەستپێشخەریانە پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب بەتەنها نابێتە بازاڕێکی ڕۆشنبیری ،بەڵکودەبێتە گۆڕەپانێکی پەروەردەیی،ئەزموونی تەمەن،دەسپێکی پەیوەندییەکی گەرم و گوڕی نێوان منداڵ و کتێب،چونکە خوێندنەوە هەر وەک گوتراوە تەنها لە قوتابخانە دەستپێناکات ،بەڵکو لە یەکەم ساتی سەرسامبوون دەستپێدەکات ئەوکاتەی کە منداڵ بەرگی کتێبێک دەبینێت هەست بە ئارەزوویەکی لە ڕادەبەدەر دەکات تا بزانێت چی لە پشتی ئەو لاپەڕانە خۆی حەشارداوە.



## ئایا کلتوور بەشدارە لە جولاندنی ڕێڕەوی ئابووری؟

# پرسیار لە سەردانیکەران کرا، وەڵامەکەش ئەمە بوو..



لە ناوەڕاستی پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب، لە سەر ڕەفەکانی پڕ لە ناونیشانی نوێ و کلاسیکی زیندوو، بۆنی کاغەز و حبر دێت، ژیانی ڕۆشنبیری بە پرسیارە دێرینە نوێبووەکانی زیندوو دەبێتەوە، یەکێک لە دیارترینیان ئەوەیە: ئایا بەڕاستی ڕۆشنبیری بەشدارە لە جولاندنی ڕەوڕەوەی ئابووری؟
لە گەشتێکدا بەناو کۆشکەکانی پێشانگاکەدا چاومان بە سەردانیکەران و فرۆشیاران و نووسەران کەوت و داوای ڕایانمان کرد، و وەڵامەکان جۆراوجۆر بوون، بەڵام لەسەر یەک خاڵ کۆکبوون کەوا کلتوور کاریگەرییەکی ئابووری هەیە ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت.
سوها عەبدوڵڵا، قوتابی زانکۆ و لە سلێمانییەوە بەتایبەت هاتووە بۆ پێشانگاکە، دەڵێت: «من بۆ کڕینی کتێب هاتوومەتە ئێرە، بەڵام لە ڕاستیدا پارەی زیاترم خەرج کردووە، من تەنها کتێبم نەکڕیوە، لە پێشانگەکە شتی ترم کڕیوە، لە کافەتریایەکی نزیک و دووکانێکی کلتووری لە دەروەی هۆڵی پێشانگەکە شتم کڕیوە، واتە کلتوور تەنها کتێب نییە؛ سیستەمێکی تەواوە بۆ جوولەی ئابووری شارەکە«.
سارا حەسەن، سەردانیکەر لە موسڵەوە هاتووە، ئەو هاوڕایە لەگەل سوها و دەڵێت «زۆر جار کتێب لە پێشانگەکان دەکڕم، چونکە داشکاندن هەیە، ساڵانە بەشداری پێشانگەکە دەکەم، سەردانیکەران حەز دەکەن شتی کلتووری بۆ هاوڕێ و خێزانەکانیان بکڕن، هەروەها دیاری بۆ هاوڕێ و کەسوکار بکڕن، ڕاستگۆیانە پێشانگەکە گەورەترین داهاتی ساڵانەی منە«.
لای خۆیەوە، محەمەد خاوەنی دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی عێراقی پێی وایە پێشانگە ڕۆشنبیرییەکان بزوێنەری ئابوری راستەقینەن، ئەو ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێ: ئێمە لێرە سەدان دانە لە هەر ناونیشانێک دەفرۆشین، بەڵام ئەوەی گرنگترە ئەو گرێبەستانەن کە لەگەڵ کتێبخانەکان و دابەشکەرانی پارێزگا جیاوازەکان واژوویان دەکەین، ڕۆشنبیری بازاڕێک دەکاتەوە و هەل درووست دەکات.
بەبۆچوونی ئەو، کاریگەرییەکانی پێشانگاکە تەنیا لە بەشداربووانی ڕاستەوخۆدا سنووردار نییە، بەڵکو دەچێت بۆ کەرتێکی فراوانی خزمەتگوزاری، وەکو ئۆتێلەکان و چێشتخانەکان و ئامرازەکانی گواستنەوە.
لەلای خۆیەوە، د. وەلید توێژەر لە بواری ڕۆشنبیری ئابووری ئەو پرسە دەخاتە چوارچێوەیەکی فراوانتر و دەڵێت: «کلتوور خۆشگوزەرانی نییە، بەڵکو وەبەرهێنانێکی درێژخایەنە، ئەو وڵاتانەی پاڵپشتی پیشەسازی کتێب و موزیک و هونەر دەکەن، لە ئەنجامدا، سوودی ئابووری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەچنن، وەک ڕەخساندنی هەلی کار و ڕاکیشانی گەشتیار و هاندانی پیشەسازی داهێنەران».
پرسیارێک ئاراستەی د. وەلید کرا، چۆن لە ڕووی ئابوورییەوە وەبەرهێنان لە ڕۆشنبیری بکەین؟ نەک تەنها لەلایەنی کاریگەریی، بەڵکو لەلایەنیی میکانزمییەوە. گووتی: «پشتگیری پیشەسازی ڕۆشنبیری و داهێنەران دەکەین، وەک بڵاوکردنەوە، سینەما، موزیک، لە ڕێگەی کەمکردنەوەی باج و پارەدان لەلایەن حکومەتەوە، ڕۆشنبیری لەگەڵ گەشتیاری بە ڕێکخستنی گەشتی ئەدەبی و فیستیڤاڵ و پێشانگەی هونەری تێکەڵ دەکەین، هانی هاوبەشی لە نێوان کەرتی ڕۆشنبیری و تایبەت دەدەین بۆ درووست کردنی پرۆژەی بەردەوام کە لاوان دابمەزرێنن و ناوەڕۆکی ناوخۆیی بەرهەم بهێنن، هەروەها ناوەڕۆکی ڕۆشنبیریمان دەستنیشان کرد بۆ کردنەوەی بازاڕی نوێ لە ئینتەرنێت تا خاوەنی ناوەڕۆکەکان بتوانن بگەنە ئاستی جیهانی، لە کۆتاییدا دامەزراندنی ناوەندی ڕۆشنبیری نێوخۆیی کە جوولەی بەردەوامی سەردانیکەران درووست بکات و ئابووری نێوخۆ ببوژێنێتەوە«.
لە ناو پێشانگەکە گوێمان لە زمانی جیاواز دەبوو، زمانی کوردی، عەرەبی تا ئینگلیزی و تورکی، ئەم کلتوورە فرەچەشنەیە دەبێتە خاڵێکی بەهێزی ئابووری، بە گووتەی نەبیل کە سەردانیکەرێکی لوبنانییە، و لە بواری وەرگێڕان کار دەکات، دەڵێ: «ئامادەی پێشانگاکە بووم بۆ ئەوەی هاوبەشێک بدۆزمەوە، وەرگێڕان لە زمانی عەرەبییەوە بۆ کوردی و بەپێچەوانەوە خواستێکی زۆری لەسەرە و بازاڕێکی ئومێدبەخشی هەیە«.
لە سەردانی ڕێکوپێکی قوتابخانەکانەوە بۆ پانێڵی ڕۆشنبیری، تا دەگاتە کافێکانی ناو پێشانگەکە کە پڕن لە خەڵک و کتێبە نوێیەکانیان لەگەڵ کوپێک قاوە دەخوێننەوە، ڕوونە کە ڕۆشنبیری تەنها چالاکییەکی فیکری نییە، بەڵکو هێزێکی ئابووری نەرمە کە شارەکان زیندوو دەکاتەوە و دەرفەت درووست دەکات و پەنجەرە بەڕووی جیهاندا دەکاتەوە.
لە کۆتایی گەشتی نێو پێشانگەکە، ڕوون دەبێتەوە کە پرسیارەکە (ئایا کلتوور بەشدارە لە جولانەوەی ڕەوڕەوەی ئابووری؟) چیتر پێویستی بە نیشانەی پرسیار نییە، بەڵکو پێویستی بە خاڵێکە کە ڕاستییەکان پشتڕاست بکاتەوە: بەڵێ، کلتوور بەشدارە لە جولانەوەی ڕەوڕەوەی ئابووری و زیاتریش.

## واژۆ و گفتوگۆکردنی کتێبی بەرعۆشا – بیرۆسوس..

# هەڵگری هزری بابلی بۆ جیهان




■ هەولێر / زەین یوسف

بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر، هۆڵی سیمینارەکان میوانداری دیالۆگێکی لەگەڵ دکتۆر حسێن ئەلهنداوی کرد لە ژێر ناوی «ئیمزا و گفتوگۆیەک سەبارەت بە کتێبی (بەرعۆشا – بیرۆسوس، هەڵگری هزری بابلی بۆ جیهان) کە تیایدا گفتوگۆیەکی چڕی لەگەڵ دکتۆر عوسمان یاسین ئەنجامدا.

ئەلهنداوی لە سەرەتای قسەکانیدا بەم شێوەیە دەستی پێکرد: «لەکاتی خوێندنەکەمدا لە فەرەنسا و ئەو کاتەی خۆم بۆ تێزی دکتۆراکەم ئامادە دەکرد، تووشی هەندێک ناو بووم کە بەڕێکەوت هاتبوونە بەرچاوم، هەندێک لەو ناوانەش نازناویان هەبوو کەوا دیار بوو لێمان نزیک بوون و پێیان ئاشنا نەبووین، بۆ نموونە «دیۆجینی کلدانی» هەیە، کاتێک لێکۆڵینەوە لەم کەسایەتییە دەکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە ئێمە مامەڵە لەگەڵ بیرمەندێکی درەوشاوە دەکەین، کە لە سەردەمی ئیغریقییەکان ژیاوە، بە تایبەتی لە ئەسینای پایتەختی یۆنان و سەرۆکی قوتابخانە گەلەرییەکانی ئەوێ بووە.

هەروەها دەشڵێت: بیرمەندێکی لاهووتی مەسیحی هەیە خەڵکی هەولێر بووە، یەکێکە لە گەورەترین بیرمەندەکانی جیهان، ئەویش تاتیانووسی ئاشوورییە. هەر لە هەولێریش بەخاک سپێردراوە، من باوەڕم وایە زۆرێک لە خەڵکی هەولێر ناوی ئەم کەسەیان نەبیستووە، هەرچەندە یەکێکە لە بیرمەندە گەورەکانی بیری مەسیحی، هاوتای قەدیس ئۆگستین. هەروەها بە ڕێکەوت تووشی ناوێکی دیکە بووم، «بێرۆسای کلدانی یان بێرۆسای بابلی». لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بۆم دەرکەوت کە لەبەردەم مێژوونووس و بیرمەند و فەلەکناسێکی گەورەدا بووم، کە لە بابل لەدایکبووە، بەڵام بەداخەوە لە عێراقدا نەناسراوە و دەگمەنە لە نووسینە عەرەبییەکاندا شتێک لەبارەی ئەم بیرمەندە بدۆزرێتەوە.

ئەلهنداوی لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: لە کاتی خوێندن و نووسیندا، خۆم لە بەردەم کەسایەتییەکی زۆر گرنگدا بینییەوە، ئەویش بیرمەندی "بێرۆسوس" بە زمانی لاتینی، کە بە عەرەبی بە "بەرعۆشا" وەرگێڕدراوە، کە ناوەکەی بە پاڵپشتیکار واتا دەکرێت، ئەم بیرمەندە لە سەدەی سێیەمی پێش زایین ژیاوە کتێبێکی هەزار لاپەڕەیی هەیە، کە پێکهاتووە لە سێ بەرگ و بە زمانی یۆنانی نووسراوە و ئاراستەی هزر و فەلسەفەی یۆنانی کراوە، ئەو سەردەمەش ساڵی ٢٧٠ی پێش زایین سەردەمی داگیرکردنی میسر و عێراق بووە لەلایەن ئەسکەندەری مەکدۆنی و دەوڵەتێکی یۆنانی لە عێراقدا هەبووە و پایتەختەکەی سلۆقیا بووە.



ئاماژەی بەوەشکرد: ناوچەی سەلمان پاک لە باکووری بەغدا بۆ ماوەی سەدەیەک ئیغریقییەکان حوکمیان کردووە و پایتەختی شارستانیەت بووە و ئەم پایتەختە هەموو سیاسەتمەدارانی ناوچە جیاوازەکانی عێراقی کۆن و بابلی و ئاشوورییەکانی کۆکردۆتەوە و دەرفەتی نووسینی پێبەخشیوون، بۆیەش زۆربەی نووسینەکانیان بە زمانی یۆنانی بووە. ئەمەش بەو مانایەیە کە سوودیان لە شێوازە یۆنانییەکان وەرگرتووە لە نووسیندا، کە میتۆدگەلێکن پشت بە شیکاری و لێکۆڵینەوەی پوخت و زاراوەی وەرگیراو لە فەلسەفە دەبەستن.

سەبارەت بە دامەزرێنەری مێژووی بەراوردکاریی بەرعۆشا، ئەلهنداوی گوتی: بەرعۆشا دوو لایەنی سەرەکی هەیە بۆ ئەم کتێبە و چەند بابەتێکی هەیە، یەکەم: ئەو فەلەکناسێکی پلە یەکە و تیۆرێکی تایبەتی هەیە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان خۆر و مانگ، ئەم تیۆرە بنەمای دابەشکردنی کات و ساڵنامەکانە، هەروەها پرسی مانگ و حەفتە و کاتژمێرەکانە. ئەم تیۆرییانەش لای بابلییەکان کۆن بووە و نوێ نەبووە، بەڵام لەلایەن بەرعۆشاوە کورتکراونەتەوە و پێشکەشکراون، بۆیە مەرج نییە زۆربەی ئەو بیرۆکانەی کە ئەم بیرمەندە گەیاندوویەتی بیرۆکەی کەسیی خۆی، بەڵکو زیاتر ئەو شارستانییەتەکە دەگەیەنێتە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆی، بۆیە ناونیشانی کتێبەکە (هەڵگری هزری بابلی بۆ جیهان) بووە. بەڕاستی ئەو بناغە بوو لەم بوارەدا و تیۆرییە فەلەکناسییەکانی تا ئێستایش لە کتێبە ڕۆژئاواییەکاندا وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی دابەشکردنی کات و ساڵنامەکان ئاماژەیان پێدەکرێت و بەکاردێت.